# تویژینەوەیەك لەسەر ژیانی پاشماوەی ئەنفالكراوەكان

**((تویژینەوەیەكی مەیدانییە لە ناحیەی سموود))**

**سەلاح شاكەلی و سیروان عاسی**

---

**پێشەكی**

سموود ناحیەیەكی پەراوێزخراوی قەزای كەلارە، ئەنفالیش پرۆسەی جینۆسایدی گەلی كوردە. زۆر جار ئەم دوو ناوە بە شوێن یەكدا دێن و یەكێكیان ئەوی تریان دەخاتەوە بیر، دیارە لەبەر ئەوەیە كە زۆرترین ڕێژەی ئەنفالكراوان لە گەرمیاندا بووە، زۆرترین پاشماوەكانیشیان لە سموودا دەژین. زۆر وتراوەو نوسراوە لەسەر پاشماوەی ئەنفال لە سموودو ئەو خزمەتانەی پێشكەشیان كراوە و ئەوەی پێویستە بۆیان بكرێت. بۆ زانینی ڕاستیی ئەو مەسەلانە ئێمە كە دانیشتووی سموودین، ئەم تویژینەوەمان لە بارەی پاشماوەكانی ئەنفال ئەنجامدا تا بە شێوەیەكی ئاماری بیانناسین دوور لە هەڵەشەو بەڵەشەی ناو بازارو بازرگانیی سیاسی و هەستی ناوچەگەرێتی كە هەندێ كەس لە ناوهێنانی سموود بێزار دەبن، تەنانەت ئەگەر بۆ ژمارەی قوربانیانی ئەنفالیش بێت. پاشماوەی ئەنفالكراوانی سموود چۆن دەژین و چیان هەیەو پێویستیان بە چییە؟ پرسیارە سەرەكییەكانی ئەم تویژینەوەیەن. هەوڵیش ئەدەین وەڵامی ڕاست لە دەمی خۆیان و حاڵی خۆیان وەر بگرین.

## بیناکردنی سموود

لە کۆتایی ١٩٨٦ و سەرەتای ١٩٨٧ کە لە ئـاو اییەوە دەچوم بۆ کەلار دەمبینـی لـە نزیـك ئـاوایی شاکەل ئەندازیارو مەساح خەریکی زەوی پێوان بوون، هەر بەخەیاڵیشمد ا نە ئەهات کە ئەوە دەبێتە شـارو خۆمیش دەبمە نیشتەجێی ئـەو شـارە. لـە سـەرەتای مـانگی نیـسانی ١٩٨٧ خـەڵکی هەنـدێ ئـاوایی ئاگادارکرانەوە کە دەبـێ گونـدەکانیان جیـێ بـێڵن. پێش ئەوەی ئەو مانگە کۆتا یی بێ، هەموو دێکانی سەر جادەو نزیك جادە ئەوانەی وا سوپا بـە ئاسـانی دەستی پێیـان دەگەیـشت لـە هەرسـێ قـەزای دوز، کفری و کەلار کە هەر یەکـەو سـەر بـە پارێزگەیـەك بوون، ڕوخێنران و زۆربەی خەڵکەکە ڕوویان لە کەلار کرد، (کفری و دوز) قەدەغە بوو.

لە هاوینی ١٩٨٧ زەوی دابەشکراو خـەڵکی بـێ خانوو خێرا خانوویان دروستکرد و حکومـەتیش زۆر خێراتر خەریکی جادە، کارەبـا، ئـاو، خوێندنگـە... هتد.- بوو.

زەویەکە، شوێنی کێڵگەی گەنم و جۆ بـوو، بۆیـە هەر کە سەیارەیەك پێیدا بچوایە تۆزی زۆری دەکـرد چ جای سەدان سەیارە، سەرباری ئەو خۆڵبارینەش لە ماوەی دوو — سێ مانگـدا شـارێك لـەو دەشـتاییە هەستایە سەرپێ.

## سموود لە کاتی ئەنفالدا

کۆتایی بەهاری ١٩٨٨ بوو کە ئـەنفال گەیـشتە گەرمیان، سوپا و جاش لە گشت لایەکەوە هێرشـیان برد بەرەو ناوچە ئازادکراوەکان. هەندێ لەو خەڵکـەی لە بەریان هەڵاتن شەوانە شەکەت و کۆڵ لەسەر شـان خۆیان دەکرد بەناو سمـوودا. ئـەو ماڵانـەش کـە لـە سەرەڕێدا بوون دەبوونە ڕێپیشاندەر بۆیان هەر کەسـە و بـەرەو مـاڵ و خـزم و ناسـیاری خـۆی. کـاروانی گەورەی ئەنفالکراوانی گەرمیان بێرەدا ڕۆیشتن بـەرەو کەلار و لەوێشەوە بـەرەو خـوار، سـەدان مەکینـە و گەلابە پڕ لە ژن و منداڵ و شڕەی ناوماڵ، سەدان ئیڤا و ئـەلبی پـڕ لـە پیـاو و ئـاژەڵ و ئەسـپ... هتـد، سەرباری سەنتەرێکی کۆکردنەوەی ئەنفال لە کـەلاری کـۆن کـە تایبـەت بـوو بـەو خەڵکانـەی کـە لـە سەیتەرەکان دەگیران.

ڕەنگـە دوو هـۆی سـەرەکی وای کردبێـت کـەس نەوێرێ شتێ بۆ ئەو خەڵکە بکات، یەکەم کورد وەکو ئەو کەرە دەشتیانەیە کە بەر هێرشـی گەلـە گـورگ دەکەون هەرکە گورگەکان دانەیـەکیان گـرت ئـەوانی دی ئـارام دەبنـەوەو مەسـەلەکە هـیچ پەیوەنـدی بەوانەوە نامێنێـت. ئـەوە هەڵویـستی شارنـشینانی کوردستان بوو لە کـاتی ئەنفالـدا جگـە لـە هەنـدێ تورەبـونی کـاتی وەکـو ئـەوەی چەمـچەماڵ. دووەم هۆش، کێ دەیزانی یان مەزندەی بـۆ ئـەو کۆتاییـە ترسناکە دەچوو کە چاوەڕێی ئەو خەڵکە بوو.

## ساڵانی پێش ڕاپەڕین

لە دوای ئەنفال تا شـەڕی کوێـت ماوەیـەکی پـڕ ئارامی بوو، زیـاد لـە دوو سـاڵ بـە سەرچـوو بـەبێ خۆشاردنەوە لە ترسی تۆپباران و بۆردومانی فڕۆکـە، سموود زۆر گەورە بوو جگە لە دوو بازاڕی سەرەکی لە ناو کۆڵانانیش دوکانی بچووك هـەبوو بەتایبـەت بـۆ ساردی و دۆمینە، هەروەها فرۆشیاری گەڕۆك. هێڵی

سەیارەی ناوخۆییش پەیدا بوو لە نێوان گەڕەکەکانی حەوت هەزار – شاکەل - زاتی. بێکاریش بەسموودەوە دیار نەبوو، چونکە گەنجان بە (١٥) ڕۆژی واجبی جاشایەتی مانگانە مووچەیەکی باشیان وەردەگرت! ژنانی سموودیش کە لە ئاوایی بواری چونە دەرەوەی گوند و خەڵك بینینیان زۆر کەم بوو لێرە ڕۆژانە دەیان جار دەچوونە دەرەوە بۆ ئاو هێنان لە بیرە ئیرتیوازێکان. خەمی خزمی ئەنفالکراو و شۆڕشی تواوەو کوردستانی وێران هەرگیز نەدەبووە ڕێگر لە بەردەم گەمەی منداڵان و دڵداری کچان و کوڕان.

## ڕاپەڕین تا ١٩٩٦

ڕاپەڕینی سموود ٣/٩ /١٩٩١بوو، دوای نیوەڕۆیەك بوو بە تەقە و خەڵك بەرەو ناحیە دەچوون لەوێ چەند پێشمەرگەیەك هاتبوون، پیاوانی حکومەت پێشتر بەسەلامەتی دەرچوبوون، لەو کاتەدا هیوای ژیانێك بەو خەڵکەوە دیار بوو کە هەرگیز وەدینەهات. لە دوای کۆڕەو بە چەند مانگێ سموود وەکو ئەو ناوچانەی تر کە بە هەرێمی کوردستان ناسرا کەوتە دەست بەرەی کوردستانی.

پارەی جاشایەتی نەماو بازاڕ دای لەکزی ڕێگەی خوار بڕاو خواردنی بایەعی نەما، بێکاری گەیشتە ئەوپەڕی و گرانی سەریهەڵدا، گەنجان بەبەر چاوی بەرەو دواتر حکومەتی هەرێمەوە هەڵمەتی تەلی کارەباو بۆڕی ئاویان داو ئاودیویان کرد. گرنگترین شت کشتوکاڵ بوو بەتایبەت دانەوێڵە، بەختەوەر ئەو کەسە بوو کە ناسیارێکی پارچە زەویەکی پێبدایە تا بیکردایە بە شکارتەو نانی خێزانی پەیدا بکردایە. لەم ساڵانەدا دیاردەی گوڵەچنە پەیدا بوو سەدان ژن و منداڵ ئەو گوڵانەیان دەچنیەوە کە بەردەمی دەڕاسە نەدەکەوت. نانی جۆبوو بە خواردنی سەرەکی، گەنم زۆر گران بوو.

ساڵانە جارێ یان دوو هەندێ ڕێکخراوی خێرخواز هەندێ خۆراکیان دابەش دەکرد. نزیکەی ٣/٤ی خانوەکانی سموود ڕوخێنرابوو خەڵکەکەشی بەرەو کەلار یان کفری و زۆرتریش بۆ ئاوایەکانی خۆیان گەڕانەوە و خەریکی جوتیاری و ئاژەڵداری بوون لە سەرەتا دا حکومەت (تەحالف) هەندێ یارمەتیانیدا لە تەك پەیمانی گەورە گەورە دا. لە سموودیشدا زۆر لە لاوان بەرەو ئێران و هەندەران و تەنانەت بە هەر فڕوفێڵێك بوایە بەرەو بەغداش دەچوون بۆ ئیشکردن هەر وەکو باویشە شەڕخوازان لە بێکاریدا قازانج دەکەن و هەژارترین چینی کۆمەڵگە زۆرترین قوربانی شەڕن، زۆربەی لاوانی سموود بوونە چەکدار لە شەڕی برا کوژیدا.

## ١٩٩٦-٢٠٠٣

لە ساڵی ١٩٩٦ بەرنامەی نەوت بەرانبەر خۆراکی un لەتەك عێراقدا جێبەجێکرا، ئەمەش بوژانەوەیەکی بەدوادا هات، خەڵك تاڕادەیەك ئیسراحەتی کرد هەر نەبێ مانگانە خۆراکێ مرۆڤانەی دەسدەکەوێ، بەڵام هەر ئەو بەرنامە شوێنەواری خراپیشی هەبوو وەکو بێبایەخبونی بەرهەمی جوتیاران کە لە بازاڕدا نرخی زۆر دابەزی لە ساڵی ١٩٩٧ بەدواوە سێ –چوار ساڵی وشکە ساڵی بوو نەك هەر بەرهەمی گەنم و جۆ بەڵکو ئاوی بیرەکان و چەمەکانیش وشکی کرد، ئەم دوو هۆکارە

بوونە هۆی شەپۆلی پێچەوانە واتە کۆچ لە دێوە بۆ سموود.

حکومەتی هەرێم بەڵێنی دەدا (بە شارەکان) ئەو بەڵێنانەی کە هەرگیز نیازی جێبەجێکردنیانی نەبوو، لە ئاوایشدا ئەگەر کەسێ دەسەڵاتداریان نەبوایە ئەوە هیچی بۆ نەدەکرا. سموودیش ئەگەرچی لە ساڵی ٢٠٠٠ هەڵبژاردنی شارەوانی تێدا کرا وحکومەت بەڕەسمی دانی نا بەوەی کە ناحیەیە و ناوێکی نەگونجاوتر لە سموودی بۆ دانا (ڕزگاری)، بەڵام هێندەی کۆڵانێکی سلێمانی یان کۆیە خزمەت نەکرا، بۆ نموونە لە یەکەم دەسبەکاربوونی د. بەرهەم بەڵێنی قیرکردنی (١٨) کم جادەی دا کە تا ئێستا (١) کمی جێبەجێکراوە.

### ٣-٢ - ئەمرۆ

هەتا ٢٠٠٣ زۆربەی خەڵکی سموود خەڵکی ناحیەکانی کۆکس، قەرەتەپە و جەبارە بوون کە تا ئەو کاتە بەدەستی ڕژێمەوە بوون. لە دوای ڕووخانی سەدام خەڵك پێشبینی گەڕانەوەی خەڵکی ئەو ناوچانەی دەکرد، بەڵام حکومەتی هەرێم ئەم جارە بەکردەوە خزمەتی کرد، پرۆژەیەکی گەورەی ئاوەڕۆی سندووقی کە زۆربەی گەڕەکەکانی سموودی گرتەوە جێبەجێکرد، خەڵکی بەلێشاو دادەمەزران بە پۆلیس و فەرمانبەر، جادەکانی سموود بەگرێدەر تەخت کران و وا چاوەڕوان دەکرا بەو نزیکانە قیربکرێن ڕێژەیە بچوکی خەڵکی خوار گەڕانەوە ئەو دواکەی خانوی تازەیان دروستکرد، خەڵکی ئاواییەکانی ژووریش دێنەوە و خانوی تازە دروستدەکەن. ئیستا کە ٢٠٠٧ سموود هەرنەبێ دوو ئەوەندەی سموودی ٢٠٠٣ بێ، بەڵام هێشتا ناگاتە نیوەی سموودی سەردەمی بەعس.

## میتۆدی توێژینەوە:

### ١- سنووری توێژینەوە:

سنووری توێژینەوەکەمان پاشماوەکانی ئەنفالە لە ناحیەی سموودی سەر بە قەزای کەلار و سەد نموونەمان وەرگرتوە لە نێرو مێ بە شێوەیەکی هەڕەمەکی، هەوڵیشمانداوە ویستی خۆمان لەسەر دیاریکردنی نێر و مێ یان ئەم گەڕەك و ئەو گەڕەك نەبێ یان وارسی ئەنفالە یان نا، واتا ناسنامەی ئەنفالی هەبێ یان نەبێ، باوك بێ یان کوڕ، دایك بێ یان کچ بێ، هەروەها پیشەی نموونەکانیشمان هەر هەڕەمەکی بوو.

### ٢- گرفتی توێژینەوەکە:

لەبەرئەوەی زۆرجار پانتۆل لەپێ بەرقاپی بەپاشماوەی ئەنفال گرتووە و پرسیاری لێیان کردووە و بێگومان هیچیشی بۆیان نەکردووە و ئەوانیش بە حکومەتی تێدەگەن، هەندێ کەس ئامادە نەبوون وەڵامان بدەنەوە. پیرەژنێ هەر کە لە دیمەنانی روانی و لە مەبەستمان گەیشت قاپێکەی لەسەر نیوە داخست و وتی (برۆن وازم لێ بێرن هەزارجار هاتن بۆ لام و رەسمتان گرت و داتانە تەلەفزیۆن و چی و چی و بەسە ئیتر زامەکانم مەکۆلێننۆ). کێشەیەتر نەخوێندەواری، زۆربەی نموونەکەمان بوو کە دەبوایە خۆمان لێیان بپرسین و بۆیان پڕبکەینەوە، زۆرجاریش خەڵکی تر ئامادە دەبوون و وەڵامەکەیان بە ئاراستەیەکدا دەبرد، رەنگە خۆی ئەوەی مەبەست نەبێت.

## شیکردنەوەی زانیارییەکان

**١- خشتەکان:**

وا دەرکەوتووە کە ڕێژەی نمونەی توێژینەوەکە زۆرترینیان لە ڕەگەزی نێرە کە ڕێژەکەی ٥١ ٪، و ٤٩ ٪ لە ڕەگەزی مێیە.

نمونەی توێژینەوەکەمان دابەش کردووە بە سەر (٨) توێژی تەمەندا و هەر یەکە (١٠ ساڵ) واش دەرکەوتوە کە تەمەنی نێوان دووتوێژی (٣٨ — ٥٧) زۆرترین تەمەنی نمونەی توێژینەوەکەمانە، واتە لە کاتی ئەنفالدا تەمەنیان لە نێوان (٢-٣٩) ساڵی بووە، واتا گەنجی ئەو سەردەمە بوونە و ئێستاش وارسی ئەنفالن کە لە ناحیەی سموودا دەژین.

ئەم خشتەیە پیشەی نمونەکەمان دەردەخات کە زۆرترینیان ژنی ماڵەوەن کە ڕێژەی ٤٧ ٪ نمونەکە پێکدەهێنێ و، لە ناو پیاواندا ڕێژەی ٢٦ ٪ نمونەکە کاسبن، ئەوانیش بریتین لە کاری ڕۆژانە و کرێکاری و قەسابی و جوتیاری و، ١٧ ٪ نمونەکە بێکارن و ئەم بێکارانە تەمەنیان بەزۆری لە نێوان (٦٨-٨٧) ساڵیدایە و، ئەوانەی کە فەرمانبەری حکومین ٦٪ نمونەکە پێکدەهێنن ئەوانیش لە توێژی مامۆستایان و پۆلیس و کارگوزارن، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەو کەسانە وارسی ئەنفالن، کەمترین ڕیژە خویندکارە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کەسی گەورەتریان هەیە بەرپرسن لە ماڵدا و، کەمترین ڕێژە (١ ٪) نمونەکە ئەوانەیە کە کاری فرۆشیاری گەڕۆکن ئەوانەی کە شت دەفرۆشن لە ناو ناحیەکەدا.

لە توێژینەوەکەدا وا دەرکەوتووە ١٪ ئەو کەسانەی کە وارسی ئەنفالن (سەڵتن) و ٥٣ ٪ کە زۆرترین ڕێژەی نمونەکە پێکدەهێنی خێزاندارن ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەو پیاوانەی ژنەکانیان بەر شالاوی ئەنفال کەوتووە دووبارە ژنیان هێناوەتەوە، لەتەك ئەوەشدا ڕێژەی ئەو پیاوانەی کە ژنیان نییە و لە تەك ئەو ژنانەی کە پیاویان نییە ٣٧ ٪ نمونەکە پێکدەهێنی و، هەر لەناو ئەو ڕێژەیەشدا کە (بێوەژن و بیوەپیاوە ٣٧ ٪)، دەرکەوتووە کە ڕێژەی ٨،١.٪ ئەو پیاوانەیە کە ئێستا ژنیان نییە و، ڕیژەی ٩١،٨٩ ٪ ئەو ژنانەن کە پیاویان نییە، واتە ئەو پیاوانەی کە ژنیان بەر شالاوی ئەنفال کەوتووە ژنیان هێناوە، بەلام ئەو ژنانەی کە مێردیان بەر شالاوی ئەنفال کەوتووە تا ئێستا هەر چاوەڕێ دەکەن و شوویان نەکردووە.

ئەم خشتە شوێنی دانیشتنی نمونەکەمان دەردەخات لە کاتی ئەنفالدا کە سەر بەهەر سێ پارێزگەی سلێمانی و دیالە و صلاح الدین د ابەش بوون و لە هەر یەك لەو پارێزگەیانە یەك قەزاو ئەوانیش (کەلار — کفری — دوز)و لە هەر یەك لەو قەزایانەش دوو ناحیە کە ئەوانیش (تیلەکۆ — پێباز — سەرقەلا — کۆکس — قادرکەرەم — نەوجول)ن، واش دیارە کە بەرزترین ڕێژەی نمونەکەمان خەڵکی گوندەکانی ناحیەی تیلەکۆیە کە ڕێژەی ٤٥ ٪ نمونەکەیەو، کەمترین ناحیەش کۆکسە ١ ٪ ی نمونەکەیە.

لێرەدا جێی ئاماژەیە کە بیستومانە قەزای دوز لەکاتی ئەنفالدا خراوەتە سەر پارێزگای کەرکوك لەبەر ئەوەی پارێزگای صلاح الدین یاساکانی کۆچپێکردن نەیدەگرتەوەو سەربە نوسینگەی باکوری حزبی بەعس نەبوو،بۆیە بەشێوەیەکی کاتی خرایە سەر پاریزگای کەرکوك دوای ئەنفالیش گەڕێنرایەوە

سـەر پارێزگـای صـلاح الـدین بـەڵام لـەو بارەیـەوە بەڵگەی رەسمیمان دەسـت نەکـەوتووە هەربـە صـلاح الدین دامان ناوەتەوە.

لـەم خـشتەیەدا ژمـارەی خزمـی ئـەنفالکراوی نمونەکەمان دەردەکەوێ کە لە نێوان (١ - ١٢) کەس دایە و کۆی خزمی ئەنفالکراوەکان کـە ١٠٠ کەسـە واتا وارسـی ئـەنفالن و ٣٢٦ کەسـی ئـەنفالکراویان هەیە.

لـــەم خـــشتەیەدا ئاریـــشەیەکی ســـەرەکی ئـــەنفالکراوەکان دەرئەکـــەوێ، لێـــرەدا بـــەگوێرەی ناســـنامە کردوومانـــە بـــە چـــوار بەشـــەوە ئـــەوەی ناسنامەی هەبووەو ماوە، ئەوەی ناسنامەی هـەبوەو نەماوە، لە ناو ئەوانەشدا هەیـە کـە نـازانێ خزمـە ئەنفالکراوەکەی ناسنامەی هـەبووە یـان نـا، بەشـی چوارەمی کە ٩٣ کەسـی ئـەنفالکراون و ٥٢،٢٨ ٪ خزمی ئـەنفالکراوی نمونەکەمانـە کـە ئەمانـە هـەر ناسنامەیان نەبووە، ئەمانـەش دانیـشتووی ئاواییـە دوورە دەستەکان بووە کە گوێیـان بـە مـارەبڕین لای حاکم و تەنانەت بە ناسنامەی خۆشیان نەداوە.

تێبینـی: لەنووسـینی نـاوی ئەنفالکراوەکانـدا، ســـاڵی لـــەدایکبوون و جـــۆری پەیوەنـــدی بـــە نمونەکانمانەوە، تەنیا مەبەستمان گەیشتنە بە ڕاسـتی ژمارەیان و دڵنیا بوون لەوەی کە ناسـنامەیان هەیـە یان نا بۆیە بەپێویستمان نەزانی نەساڵی لـەدایکبوون و نـــە جـــۆری پەیوەنـــدی کـــە ڕەگـــەزو تەمـــەنی ئەنفالکراوەکان دەردەخات ڕوون بکەینەوە.

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت کە زۆربەی پاشـماوەی ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨وە دانیشتووی سموودن و، ئـەو خەڵکەی لە پـاش (١٥) سـاڵ لـە دامەزرانـدنی کـە هاتووە بۆ سموود ١ ٪ ی نمونەکەمانە.

أ — گەڕانـەوەی نمونـەی توێژینـەوە بـۆ ئـاوایی دەردەخات:

لەم خـشتەیەدا ئـەوە دەردەکـەوێت کـە ٣٦ ٪ ی نمونەکەمان گەڕاونەتەوە بۆ ئاوایی لـەدوای ڕاپـەڕین و، ڕێـــژەی ٦٤ ٪ یـــشیان نەگەڕاوەنەتـــەوە و زۆربـــەی نەگـەڕاوەکانیش لـە ژنـانن کـە دیـارە ژیـانی گونـد کارکردنی بەردەوامی پێویستەو بەبێ پیاو ئـەوەیان بـۆ ناکرێ.

ئەم خشتەیە تایبەتە بەوانەی کە گەڕونەتەوە بـۆ ئاوایی لە پاش ڕاپەڕین. ئەوەش دەردەخات کە (٢٨) کەسیان کە دەکاتە ٧٧ ٪، پێش ١٩٩٦ گەڕاونەتەوە واتە پێش بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراك، هەشـت کەسیان دوای ئەو ماوەیە تا ڕووخانی ڕژێمی بـەعس ٢٠٠٣، لە پاش ئەو ماوەیـە کـەس نەگەڕاوەتـەوە، پێچەوانەی ئەوەش پێشبینی دەکرا.

گەڕانەوە بۆ سموود دەردەخات لـە سـێ بـەش دا، بەشـی یەکـەمی پـێش (٢٠٠٠) ڕێژەکـەی دەکاتـە ١٣،٨٨ ٪ی نمونـەی توێژینەوەکـە و، ئەوانـەی کـە (٢٠٠٠-٢٠٠٣) گەڕاونەتەوە ٦٦،٤١ ٪ ی نمونەکەیە و، زۆرتـرین ڕێـژەش کـە دەکاتـە ٤٤،٤٤ ٪ ی لـە ساڵانی نیوان (٢٠٠٤-٢٠٠٦) گەڕاونەتەوە.

ئەم خـشتەیە هۆکـاری گەڕنـەوە دەردەخـات بـۆ سموود و، زۆر شـتیان نوسـیووە کـە ئێمـە لـە چـوار خانەدا پۆلێنمـان کـردووە کـە زۆربـەیان بێکـاری و نەداری و بێ خزمەتی و کەمترینی بێ بـارانی و بـێ بایـەخی بەرهـەمی جوتیاریـە و، ئـەم هۆکارانـە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریان کردووەتە سـەر ئـەوە

که پاشماوەی ئەنفالەکان لە پاش گەڕانەوەیان بۆ گوندەکان، دووبارە بگەڕێنەوە بۆ سموود.

لەم خشتەیەدا دیارە کە ڕێژەی ٨٧,٢٦ ٪ ی نمونەکەمان خانوویان هەیە، بەلام دەبێ ئەوە بزانین کە خانووی سموود بەگشتی لە چ ئاستێکدایە (ئەگەرچی لە دوای ڕووخانی بەعس گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە) ئێمە ئەگەر لە خانوویەکی قوڕی کولانە ئاسایی دا بێ، ئەگەر هی خۆی بێ نوسیومانە خانووی هەیە.

زەوی نیشتەجێبوون هەڵەی تێکەوتووە، لەبەر ئەوەی هەندێ لەوانەی ژمارەیان پێدراوە (کە زۆری) بەبێ زەوی لە قەڵەم دراوە، هەندێکیشیان بە خاوەن زەوی و، زەوی کشتوکاڵی ٧٥,٢٣ ٪ ی نمونەکەمان دەیانووت هەمانە، بەلام نایکێڵین و سوودی لێ نابینین.

ئەم خشتەیە ئەو خزمەتانە دەردەخات کە پێشکەش پاشماوەی ئەنفال کراوە لە ماوەی (١٥) ساڵدا دەبێ ڕەچاوی ئەوەش بکەین کە دیسانەوە مەسەلەی زەوی هەندێکی نوسیویانەو هەندێکی تەنیا ژمارەی وەرگرتووە نەمان نوسیوە، هەروەها زۆر شتیان نوسیوە کە ئێمە خۆمان دەزانین بۆ ئەنفال نەبووە، بەڵکو بۆ ئاوەدانکردنەوە یان بێوەژنانە بووە و، هەندێکیان هیچ حسابێکیان بۆ نەکراوە.

زۆر کێشە هەبوو لەسەر وەرگرتنی خزمەتەکان چونکە بەتەواوی نەیان دەزانی لەلایەنی چ ڕێکخراو ودەزگایەکەوە پێیان دراوە و، ٧٩ یان مووچەی ئەنفال وەردەگرن و، ٢٠ یش کەرەستەی ناومالٚ و پێداویستیەکانیان وەرگرتووە دەیانووت کە جیاوازی کراوە لە دابەشکردنی ئەو کەرەستانەدا و، ١٤ ی نمونەکەمان زۆر ناڕازی بوون لە ڕێکخراوەکان.

لێرەدا پێچەوانەی بۆچوونەکەی ئێمە ئەم پرسیارە دەروونیانی دەهەژاند و چەندین پیرەژنی دەهێنا یە گریان و دەیانووت جا کێ دەزانی هان لە کوێ؟ کێ سوقانەکانیان دەناسێ ئەگەر بیان هێنینەوە......؟

لەبەر ئەوەی زۆر جار خەڵکی تر ئامادە بوون لە کاتی چاو پێکەوتنەکەدا باسی مونۆمێنت و شتی لەو بابەتانەیا ن دەکرد بۆ ئەنفال ٨٢ ٪ لە تەك دروستکردنی مونۆمێنتەکەدان، و ٢٧ ٪لەتەك هێنانەوەی تەرمی ئەنفال کراوەکان و، ٥ ٪ ی هیچیان پێ باش نەبوو.

**١- پێداویستییەکان:**

**أ- پێداویستییە تایبەتییەکان:**

وەك ئاماژەمان پێدا زۆر لە نمونەکانمان زەویان وەرگرتووە یان ژمارەیان پێدراوە و چاوەڕانن، بۆیە زۆربەیان داوایان دەکرد کە زەویەکەیان بۆ بکرێت بە خانوو، هەندێکیشیان داوای کەرەستەی ناومالٚیان دەکردو، زیادکردنی مووچەی ئەنفالانەو حیسابی شەهیدانەیان بۆ بکرێت و، هەندێکیان داوای یارمەتیان دەکرد لەحکومەت بۆ دەرکردنی وەفاتنامە یان داوای ئەوەیان دەکرد کە منداڵەکانیان لە زانکۆ وەربگیرین و، هەندێکیان داوای ئەوەیان دەکرد با ئیتر وەك بەشەر بژین و چیتر زامەکانمان نەکولێننەوە. هەندێ شتی زۆر تایبەتی تێدا بوو وەك پیاوێك لەئەنجامی زیندانی نوگرەسەلمانەوە توشی نەخۆشی هاتبوو داوای چارەسەری دەکرد و، بێوەژنێکی ٣٢ ساڵەش زۆر ڕاشکاوانە ووتی من پیاوم گەرەکە ئەگەر پیاوم

نەبێ خانوو و زەوی و شتم بۆ چییەو براکەشی دانیشتبوو، چەندین جار دووبارەی دەکردەوە، پیاوم گەرەکە، پیاوێکی پیری تەمەن ٩٦ ساڵ داوای شوێنێکی دەکرد تێیدا بژی وەك (خانەی پیری)، پیاوێکی تەمەن ٦٤ ساڵ باسی هیچ پێداویستییەکی تایبەتی نەکرد.

**ب- پێداویستییە گشتییەکان:**

پێداویستییە گشتییەکان لە هەندێ شتی بنەڕەتی دا چڕبوونەوە وەکو کارەبا کە دیارە لەبەر هەولی دڵسۆزانەی (١٥) ساڵەی حکومەتی هەرێم بە چ حاڵێك گەیشتووە، ئەوەی لێرەدا جێ باسە ئەوە بەپێ ئەو خشتەیەی کە حکومەت ڕایدەگەیەنێ زۆرجار ئەوەش ناگاتە سموود لە کەلار کەمترە و گەرمیان لەچاو شوێنەکانی تر کەمترە، لە لایەکی تریشەوە هەندێك گەڕەك هەبووە کە هەر ستونی کارەبا ی تێدا نەبووە و، ئاویش لە هاویناندا بەهۆی خراپی و ڕێکنەخستنی لە لایەن بەشی ئاوەوە کێشەی زۆر بۆ هاولاتیان دروست کردووە و، هەندێ شوێنی ناو ناحیەکە لە کاتی جێ بەجێ کردنی زێرابدا هەندێ جێگەیان نەکردو بەجێیان هێشتووە، وە هەروەها داواکاری زۆریان هەبوو لە سەر پێداویستی گشتی وەك قوتابخانەو نەخۆشخانەو باخچەو پارك و هەندێکیان داوای ئەوەیان دەکرد کە خوێندنگەی تایبەتی هەبێ بۆ مندالانی کەس و کاری ئەنفال لە تەك نەخۆشخانە، دوو کەسیش کە تازە هاتبوونە سموودەوە داوای خزمەتە سەرەتاییەکانیان دەکرد، هەندێکیش داوای ئەوەیان دەکرد کە بنکەیەکی مافی مرۆڤ لە سموودda هەبێ و یەك کەس لەوانە داوای دروستکردنی مزگەوتی دەکرد لە گەڵ یەك کەس داوای گوێزانەوەی مەیدانی حەیوانی دەکرد لە ناحیەکەدا.

**خشتەی ژمارە (١)**

**ڕەگەزی نمونەی توێژینەوەکە**

| ڕەگەز | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| نێر | ٥١ | ٪٥١ |
| مێ | ٤٩ | ٪٤٩ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

**خشتەی ژمارە (٢)**

**خستنە ڕووی تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە**

| تەمەن | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| ١٨ساڵ – ٢٧ | ١ | ٪١ |
| ٢٨ -٣٧ | ١١ | ٪ ١١ |
| ٣٨ - ٤٧ | ٢٦ | ٪ ٢٦ |
| ٤٨ -٥٧ | ٢ | ٪ ٢ |
| ٥٨ - ٦٧ | ١٤ | ٪ ١٤ |
| ٦٨ – ٧٧ | ١١ | ٪ ١١ |
| ٧٨ - ٨٧ | ٦ | ٪ ٦ |
| ٨٨ – ٩٧ | ٢ | ٪ ٢ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

**خشتەی ژمارە (٣)**

**دەرخستنی پیشەی کەسوکاری ئەنفال**

| پیشە | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بێکار | ١٧ | ٪ ١٧ |
| ژنی ماڵەوە | ٤٧ | ٪٤٧ |
| کاسب | ٢٦ | ٪٢٦ |
| فەرمانبەری حکومی | ٦ | ٪٦ |
| خوێندکار | ٣ | ٪٣ |
| فرۆشیاری گەڕۆک | ١ | ٪١ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

**خشتەی ژمارە (٤)**

**باری خێزانی نمونەکەمان دەردەخات**

| باری خێزانی | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| سەڵت | ١ | ٪١ |
| خێزاندار | ٥٣ | ٪ ٥٣ |
| بێوەژن یان بێوەپیاو | ٣٧ | ٪ ٣٧ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

**خشتەی ژمارە (٥)**

**شوێنی دانیشتنی نمونەی توێژینەوە دەردەخات**

| پارێزگا | قەزا | ناحیە | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | کەلار | تیلەکۆ | ٤٥ | ٤٥٪ |
| | | پێباز | ٩ | ٩٪ |
| دیالە | کفری | سەرقەلا | ٢٢ | ٢٢٪ |
| | | کۆکس | ١ | ١٪ |
| سەلاحە دین | دوز | قادرکەرەم | ١٦ | ١٦٪ |
| | | نەوجول | ٧ | ٧٪ |
| کۆی گشتی | | | ١٠٠ | ١٠٠٪ |

**خشتەی ژمارە (٦)**

أ– ژمارەی کەسە ئەنفالکراوەکانی وارسی ئەنفالکراوەکان:

| ژمارەی کەسە ئەنفالکراوەکان | ژمارەی وارسی ئەنفالکراوەکان |
|---|---|
| ١ | ٣٣ |
| ٢ | ١٩ |
| ٣ | ١٢ |
| ٤ | ١٢ |
| ٥ | ٦ |
| ٦ | ٧ |
| ٧ | ٢ |
| ٨ | ٣ |
| ٩ | ٣ |
| ١٠ | ١ |
| ١١ | ١ |
| ١٢ | ١ |
| ٣٢٦ | ١٠٠ |

**خشتەی ژمارە (٧)**

ب - خشتەی ناسنامەی ئەنفالكراوەكان

| ناسنامەی ئەنفالكراوەكان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ناسنامەی هەبووەو ماوە | ٣٥ | ١٠,٧٣٦ ٪ |
| ناسنامەی هەبووە، نەماوە | ١٨٨ | ٦٦,٥٧ ٪ |
| ناسنامەی هەر نەبووە | ٩٣ | ٥٢,٢٨ ٪ |
| نازانێ | ١ | ٦,٣ ٪ |
| كۆی گشتی | ٣٢٦ | ١٠٠ ٪ |

**خشتەی ژمارە (٩)**

| گەرانەوە بۆ ئاوایی | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵی | ٣٦ | ٣٦٪ |
| نەخێر | ٦٤ | ٦٤٪ |
| كۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠٪ |

**خشتەی ژمارە (٨)**

**ساڵی نیشتەجێبوونی وارسی ئەنفالكراوەكان دەردەخات لە ناحیەی سموود دا**

| ماوەی نیشتەجێبوون لە ناحیەكەدا | ساڵی نیشتەجێبوون | ژمارە |
|---|---|---|
| پێش ڕاپەڕین | ١٩٨٨ | ٨٢ |
| | ١٩٨٩ | ٩ |
| | ١٩٩٠ | ٢ |
| پاش ڕاپەڕین | ١٩٩١ | ٥ |
| | ١٩٩٣ | ١ |
| | ٢٠٠٣ | ١ |

**خشتەی ژمارە (١٠)**

ب – ئەوانەی كە گەڕونەتەوە بۆ ئاوایی لە پاش ڕاپەڕین:

| بابەت | ساڵ | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ئەوانەی كە گەڕاونەتەوە بۆئاوایی لە پاش ڕاپەڕین | ١٩٩١ – ١٩٩٦ | ٢٨ | ٧٧.٧٧ ٪ |
| | ١٩٩٧ - ٢٠٠٣ | ٨ | ٢٢.٢٢ ٪ |

**خشتەی ژمارە (١١)**

أ- گەڕانەوەی دووبارەی نمونەکە دەردەخات بۆ سموود:

| گەڕانەوە بۆ سموود | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| پێش ٢٠٠٠ | ٥ | ١٣,٨٨ ٪ |
| ٢٠٠٠-٢٠٠٣ | ١٥ | ٤١,٦٦٪ |
| ٢٠٠٤-٢٠٠٦ | ١٦ | ٤٤,٤٤ ٪ |
| کۆی گشتی | ٣٦ | ١٠٠ ٪ |

**خشتەی ژمارە (١٢)**

ب- هۆکاری گەڕانەوە بۆ سموود:

| هۆکاری گەڕانەوە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بێکاری و نەداری | ٢٠ | ٤٢ .٥٥ ٪ |
| بێ خزمەتی | ١٢ | ٢٥ .٥٣ ٪ |
| بێ بارانی و بێ بایەخ بوونی بەرهەمی جوتیار | ٥ | ١٠,٦٣ ٪ |
| کێشەی کۆمەڵایەتی | ١٠ | ٢١ .٢٧ ٪ |
| کۆی گشتی | ٤٧ | ١٠٠ ٪ |

**خشتەی ژمارە (١٣)**

**دەرخستنی جۆری دارایی**

| جۆری دارایی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| خانوو | ٤٣ | ٪٢٦ .٨٧ |
| دووکان | ٣ | ٪١ .٨٧ |
| سەیارە | ٨ | ٪ ٥ |
| زەوی نیشتەجێ بوون | ٣٨ | ٪ ٢٣ .٧٥ |
| زەوی کشتوکاڵی | ٣٨ | ٪ ٧٥,٢٣ |
| شتی تر | ٣٠ | ٪ ١٨ .٧٥ |
| کۆی گشتی | ١٦٠ | ٪ ١٠٠ |

**خشتەی ژمارە (١٤)**

**خزمەتەکانی ماوەی (١٥) ساڵ دەخاتەڕوو**

| خزمەتەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| مووچەی ئەنفال | ٧٩ | ٪٢٦,٥١ |
| زەوی نیشتەجێبوون | ٧٦ | ٢٥,٥٪ |
| یەك بەرمیل نەوت | ٧٨ | ٪٢٦,١٦ |
| کەرەستەی ناو ماڵ | ٢٠ | ٪٦,٧١ |
| خۆراك | ٣١ | ٪١٠,٤ |
| هیچ | ١٤ | ٪٤,٦٩ |
| کۆی گشتی | ٢٩٨ | ٪١٠٠ |

### خشتەی ژمارە (١٥)

**ئەوەی گرنگە بۆ کەسو کاری ئەنفال بکرێت بۆ ئاسودەیی لایەنی دەروونی:**

| ئەوەی کە گرنگە بۆ کەسو کاری ئەنفال | ژمارە | ڕێژەکەی |
|---|---|---|
| دروستکردنی مۆنومێنتێك | | ٪٨٢ |
| هێنانەوەی تەرمی ئەنفالکراوەکان | | ٪٢٧ |
| هیچ یەکێك لەوانە | | ٪٥ |
| کۆی گشتی | | ٪١٠٠ |

---

### ئەنجامەکان

١- سموود ڕێژەیەکی زۆری پاشماوەی ئەنفالی تێدایە.

٢- رکەناڵەکانی ڕاگەیاندن زیادەڕۆییان زۆر کردووە لەبارەی پێشکەشکردنی خزمەت بۆ پاشماوەی ئەنفال لە ناحیەی سموود.

٣- لە خێزانێکدا ئەگەر یەك کەس و ئەگەر دە کەس ئەنفال کرابێ، ئەگەر یەك وارس یان دە وارسی هەبێ ئەوە یەك کەس کراوەتە وارس و مووچە وەردەگرێ.

٤- لەو خزمەتانەی کە پێشکەش کراوە جیاوازی ناڕەوا زۆر کراوە.

٥- زۆر لەوانەی ئەنفالکراون ناسنامەکانیان لەتەك خۆیاندا بردووە و زۆریشیان ناسنامەیان هەرنەبووە.

٦- زۆر زەحمەتە قەناعەت بە پاشماوەی ئەنفال بکرێ بۆ گەڕانەوەیان بۆ ئاوایی.

٧- حکومەتی هەرێمیش هەرگیز لە خەمی ئەوەدا نەبووە و واش دیار نییە خەمی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی گەرمیانی هەبێ.

---

### پێشنیاز و ڕاسپاردەکان:

١- ئەنفالکراوەکان هەروەکو شەهیدان قوربانیانی شورشی کوردستانن و پێویستە لە هەموو مافێکدا حسابی شەهیدانیان بۆ بکرێ.

٢- جیاوازی نەکردن لە پێشکەشکردنی خزمەتە حکومییەکان لە نێوان ناوچە و شارەکاندا، سموودیش وەکو هەر شوێنێکی ئەم کوردستانە پێوێستی بەئاو و کارەبا و سوتەمەنی وجادەی قیر و خوێندنگە دار و باخچە وسەوزایی و....هتد هەیە.

٣- زۆربەی نموونەکانمان داوای بە خانووکردنی زەویەکانیان دەکرد،بەلاّم بەرای ئێمە ئەگەر لە هەر ناوچەیەکدا کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ بۆ چەندیگوندێ بکرێتەوە کە هەمووان بگرێتەوە (ئەنفال و شەهیدی هەبێ یا نەبێ) بۆ

ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان کارێکی باش دەبێ بەڵام لەبەر ئەوەی گوندێکان بەڵێنیان زۆر پێدراوە و هیچیان بۆ نەکراوە رازیکردنیان بۆ ئەو مەبەستە کارێکی ئاسان نابێ.

٤- پیاسەیەکی ناو سموود ئەوە دەرئەخات کە چەند پشتگوێ خراوە، بەڵام زۆر جار لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە باسی یارمەتییەکی زۆر دەکرا بۆ پاشماوەی ئەنفال، ئەوەش بێ گومان بەشێ بوو لە پرۆسەی بازرگانێتی بە ئەنفالەوە. بەهەرحاڵ لەدوای پرسیارکردن لەبارەی ئەوخزمەتانەوە دەرکەوت گەندەڵی لەوەشدا هەبووە و بەرپرسانی دابەشکردنی ئەو خزمەتانە لە سموود رەچاوی زۆرترین رێژەی قوربانی ئەنفالیان نەکردووە بەڵکو بە گوێرەی خزمایەتی و ناسیاری دابەشکراوە بۆیە دەبێ لە هەر ئیشێ لەو جۆرە حکومەت چاودێری توندی بکات و لەو فەرمانبەرانە بپرسێتەوە لە چۆنێتی دابەشکردنی.

٥- گۆڕینکاری لە زمانی ئاخاوتنی حکومەت لە بارەی پێشکەشکردنی خزمەتەکانەوە، چونکە ئاشکرایە شەهید و ئەنفال کاریگەرییەکی باشی نەبوو لەو بارەوە بەتایبەتی لە سموود. با حکومەت بە زمانی ئامار قسە بکات و خزمەت بکات، ئەم شارە دانیشتوانەکەی ئەوەندەیە و پێویستی بەوەندە خزمەت هەیە، لەبەر ئەوەی هاوڵاتی کوردستانن نەك لەبەر ئەوەی شەهید وئەنفالیان داوە، یان جاش وبەعسی بوونە چونکە لەو ململانێیەدا خاوەن شەهید وئەنفال دۆڕاو بوونە.

٦- سەرژمێرییەکی گشتی لە هەموو کوردستاندا بۆ ئەنفالکراوانی ساڵی (١٩٨٨).

٧- هێنانەوەی تەرمی ئەنفالکراوەکان و ئەنجامدانی راپرسییەك لە ناو کەسوکاریان، ئایا گەرەکیانە هەرکێ لە گۆڕستانی خۆی بیاننێژێ یان پێکەوە لە شوێنێکی دیاریکراو لەپاڵ مۆنۆمێنتێکدا بنێژرێن کە خەڵکی ئەم ناوچەیە حەز ئەکەن لە سموود بێت.

٨- دیاریکردنی دیارییەکی بەنرخ بۆ هەر پیاوێك کە ژنە ئەنفال بخوازێت.

٩- دانانی سندووقێکی تایبەت بۆ یارمەتی کچان و کوڕانی شەهید و ئەنفال لە کاتی شوکردن یان ژنهێنان واتە پارەیەکی بێ بەرامبەر نەك (سولفە).

١٠ - ئەو ئەنفالکراوانەی لە نوگرە سەلمان گەڕاونەوە، تووشی چەندین نەخۆشی بوونە و چارەکردنیان ئەرکێکی ئەخلاقیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەگەرچی تا ئێستا زۆریشیان لە ژیاندا نەماون.

١١- کردنەوەی بنکەیەکی وەزارەتی شەهید وئەنفال لە سموود.